## خیانەتی هاوسەری

# کاتێک ژن مێردەکەی بەرەو تونێلی خیانەتکردن دەبات



رەنگە هەر یەك لە ئێمە کاتێك گوێبیستی هەواڵێك دەبێ کە بڵێی فلان ژن یا پیاو ناپاکی لە هاوسەرەکەی کردووە، بە جۆرێك کاردانەوەمان هەبێ کە مەحکومکردن و قێزلێکردنەوەی تێدابێ، بەڵام لەوە ناپرسین، داخۆ بۆچی ئەو کەسە کەوتۆتە ناو هەڵەوە، یا چ بارودۆخێك بۆتە هۆی ئەوەی ئەم کارە بکات..

کێ لەم کارە بەرپرسیارە و کامیان (ئەوەی ناپاکییەکەی کردووە یا هاوسەرەکەی) بەرپرسیارە... با ئەم باسە بورووژێنین و بەشێوەیەك لە شێوەکان هەندێ لایەنی بخەینەڕوو، هەندێ ناپاکی هاوسەرێتی بەتاوانێکی گەورە دەزانن و پێیان وایە مرۆڤ لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێ تاوانی وەها گەورە بکات، بەڵام ئەی بۆ تاوانەکەش دەکات..؟ ئەم پرسیارەمان لە خاتوو(رێژین مەسعود) ی توێژەری کۆمەڵایەتی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی داینەوە (گوتی) دیارە ناپاکی هاوسەرێتی، حاڵەتێکی بینراوە و شتێکە خەڵك بە گشتی رەتیدەکاتەوە،

**دەروونناسێك:**
**ئەگەر ژنێك ناپاکی لە پیاوەکەی بکات ڕەنگە هۆکارگەلێکی دەروونی یا فسیۆلۆژی هەبێ**

**لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هیچ کردارێک بێ پاڵنەرێک ڕوونادات**

**کۆمەڵناسێك:**
**مرۆڤ هەر بە سروشت ئامادەیی تێدایە خیانەت لە هاوسەرەکەی بکات**

ڕەتکردنەوەکە دوو هۆی سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە مرۆڤ هەر بەغەریزە دژایەتی ئەم هەڵوێستە دەکات، واتە کاتێك ژنێك پیاوێك دەکاتە هاوسەری خۆی، ڕێگە نادات کەسی تر هاوبەشی لەو مافەی بکات، دووەمیان لەبەر شوێنەوارە خراپەکانی کارەکەیە، لەسەرێکەوە ڕەنگە نەسڵ پۆخڵ بکات، لە سەرێکی تریشەوە کێشەی گەورەی لێ دروست دەبێ.. بەڵام وەکو دەشڵێن مرۆڤ شیری خاوی خواردووە ، ئەگەر زەمینەی کارەکەی لە ئارادابوو، مرۆڤەکەش خۆی ئەم ئامادەییەی تێدابێ، ئاساییە کە ناپاکی لە هاوسەرەکەی بکات، واتە ڕێی تێدەچێ مرۆڤ کە بیر لەوکارە بکاتەوە، ئەنجامیشی بدات.

یەکێ لەو هۆیانەی کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ ناپاکی لە هاوسەرەکەی بکات، هەندێ هۆکار و پاڵنەری دەروونین، هەروەها بەڕێز (سەنگەر محەمەد جەلال)ی دەروونناس ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ:

لە بواری سایکۆلۆژیدا، هیچ ڕەفتارێك بەبێ پاڵنەرێك واتە (دافع)ێك ڕوونادات، جا پاڵنەرەکە دەروونی بێ، یان کۆمەڵایەتی، یا فسیۆلۆجی بێ، ناپاکی هاوسەرێتیش هۆکار و پاڵنەری دەروونی خۆی هەیە، جاری وا هەیە ژنەکە یا مێردەکە، دەبێتە هۆکاری سەرەکی لەوەی کە هاوسەرەکەی ناپاکی لێبکات، بۆ نموونە کاتێك پیاوێك ناپاکی لە ژنەکەی دەکات، ڕەنگە هۆیەکەی دەروونی بێت، وەك ئەوەی کابرا بەقەد پێویست بایەخ و گرنگیدان لە ژنەکەی نەبینێ، هەر وەك چۆن ژنەکەی بایەخ بە ڕووخسار وجلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەی خۆی نەدات و کابرا لە ڕووی دەروونییەوە تێر نەکات، یا ئەوەندەی خەریکی منداڵەکەیەتی، چ بایەخێکی ئەوتۆی بە پیاوەکەی نەماوە و کابرا هەست بەوە بکات کە لە بۆشاییەکدا دەژی.

یانیش ڕەنگە هەر لە ڕووی زایەندییەوە تێر نەبووبێ، بۆیە لە دەرەوەی پەیوەندی هاوسەرێتی ئەم کارە بکات.

بە کورتی ئەگەر پیاو بیکات یا ژن، بێگومان هەندێ هۆکار هەن کە پاڵی پێوەدەنێ ئەم شتە بکات، بەڵام هۆکاری هەبێ یان نا مانای وانییە پاساوی بۆ بێنینەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هۆیەکانی ئەنجامدانی ئەم کارە دەستنیشان بکەین، تا ئەگەر لە چارەسەرەکەی گەڕاین، بە چارەسەرێکی دروست و زانستی بکەین..

بە هەمان شێوە ئەگەر ژنێك ناپاکی لە پیاوەکەی بکات، ڕەنگە هۆکارەگەلێکی دەروونی یا فسیۆلۆجی هەبێ.

## نموونەکانی ناپاکی هاوسەرێتی

لە ڕارەوی دادگاکانی کوردستان، ڕۆژانە ئاپۆرەی خەڵك دەبینرێن و هەر یەکەشیان کێشەیەکی هەیە و ڕووی لەدادگاکردووە تا بۆی چارەسەر بکرێ، بە هەمان شێوە ئەگەر چاوێك بە هۆڵی دادگاکانی باری کەسیدا بگێڕین، ڕۆژانە بە دەیان حاڵەتی لێکجیابوونەوە و تەڵاق دەبینی کە هەندێکیان بەهۆی ناپاکی هاوسەرێتییەوەیە.

## چەند نموونەیەك

لە هۆڵی دادگا بووین کە ئافرەتێك بە ناوی (س.پ) دوا ڕۆژی دادبینی بوو، دادگا بڕیاریدا لە مێردەکەی جیابێتەوە، لەبەر ئەوەی مێردەکەی بەو هۆیەی کە ناپاکی هاوسەرێتی لەگەڵدا کردووە، زیانی لێداوە، ئەو بەکورتی گوتی: من بۆ مێردەکەم هیچ کەموکورییەکم نەبووە و لە هیچ شتێکیش کە خزمەتی پێ بکات و بەختەوەری بکات کەمتەرخەمیم نەکردووە، کەچی ئەو ناپاکی لێکردم و ئافرەتێکی سۆزانی هێنابووە ماڵەوە و هەردووکیانم پێکەوە لەسەر جێگا گرت، پیاوێك ئەمە ڕەفتاری بێ چ ئومێدیکم پێی هەبێ و شایانی چ ڕێزێکە لەماڵ وەك هاوسەر بمێنمەوە.

باشترین وەڵام ئەوەیە هەموو مافەکانی خۆمی لێ وەربگرم و لێی جیاببمەوە.

هەر لە هۆڵی دادگادا ئافرەتێك بەناوی (م.م) سکاڵای لە دژی مێردەکەی هەبوو، کە بە بەڵگەوە بۆ دادگا ڕوونی کردبۆوە کە پیاوەکەی ناپاکی لێکردووە، کابرا لەبەردەم دادگادا تۆمەتەکەی پشتڕاست کردەوە و بێ پێچ و پەنا گوتی:

بەڵێ من ناپاکیم لە ژنەکەم کردووە و ئەوە یەکەمین جاریش نییە، بەڵام ئایا دەپرسن کە بۆچی وامکردووە...؟

هۆیەکەی ئەوەیە کە من بێ بەش و مەحرومم لە ژیانی هاوسەرێتی، ژنێك کە نەزانێ ژیانی هاوسەرێتی چییە، هەر خەریکی ماڵی باوکییەتی و تۆزقاڵێك ئاگای لە مێردەکەی نەبێ، ئەوە چ ژنێکە، بۆچی گلەیم لێ دەکات کەهەر چییەکم کردبێ، دواجار دادگا بە ساڵێك و نیو حوکمی دا، چونکە تۆمەتەکەی لەسەر چەسپابوو.

پیاوێك لە دەرەوەی دادگا مشتومڕی بوو لەگەڵ ماڵە خەزووران و کەسوکاری خۆی پێیان دەگوت: کاکە دەست لەو داوایە هەڵگرە با زیاتر لە ناو خەڵکی ڕیسوا نەبین.

مادام پێی نارازی و گومانت لێی هەیە و شتت لەسەر ژنەکەت هەیە، تەڵاقی بدە و کۆتایی پێ بێنە و بیبڕێنەوە، ئەویش دەیگوت:

ئەو ژنە مادام کەرامەتی منی شکاندووە و لەگەڵ فلانە کەس دەستی تێکەڵ کردووە با ئەمن جاری بەگرتنی بدەم و بۆ دادگای بسەلمێنم کەچی کردووە و چی نەکردووە ئەوسا پاش ئەوە تەڵاقدانی هەر بەتەواوەتی مسۆگەرە و یەك ساتیش دوای ناخەم.

بەڵام ئێوە کە هیچتان پێ ناکرێ، و هیچی لەگەڵ ناکەن منیش کە خۆم تووشی تاوان ناکەم، با دادگا سزای بدات باشترە.



# سامانی دونیا سێ برا لێکدی دەکاو یەکێکیشیان بە کوشت دەدات

ئا: باوکی میدیا

✿ رەنگە سەیر نەبێت کە بڵێین مرۆڤی وا هەیە غەریزەی دەوڵەمەندبوون و پارە کۆکردنەوە، لای ئەو، لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. ئەگەر ناکۆکییەکی بۆ هاتە پێشەوە، با کەسی بەرامبەریشی برای بێت، بەڵام کە لەسەر پارە لێی بووە ململانێ لەگەڵیدا، ئەوا ئەو (پارە) لەسەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێ، بێگومان ئاشکرایە کە هەموو کەسێك وا بیرناکاتەوەو ناکرێ ئەم جۆرە حاڵەتانە بگشتێندرێت و بەسەر هەموو خەڵکیدا بیسەپێنین، بەڵام بە هەرحاڵ کەسی واش هەیە،(پارە) یا ماڵی دنیا لە پێش هەموو کەسێکەوە دادەنێ و نزیکترین کەسی خۆشی بە قوربانی ماڵی دنیا دەکات، هەروەك لە کێشە دڵتەزێنەکەی نێوان(دڵزار)و براکانیدا روویداوە، ئەمە کێشەیەکە لە نێوان چەند برایەك روویداوە، لەسەر زەوییەکی چەند سەد مەتری کشتوکاڵی بووە، کە دواتر خوێنڕشتنی لێکەوتەوە...

جا با بزانین ئەم کێشەیە چی بوو، چۆنیش روویداو پاشان ئاکامەکەی بەچی گەیشت...؟ ✿

## پیاوێکی دەوڵەمەندو منداڵە ناکۆکەکانی

لە گوندێکی نزیك شاری هەولێر بەناوی (د)، پیاوێکی کاسبکاری دەوڵەمەند هەبوو، کە نێوی (عەلی) بوو، ئەم پیاوە خاوەنی خانوویەکی گەورەو ئۆتۆمبێلێکی پیکاب و تراکتۆرێك و پارچە زەوییەکی (٨٠٠) مەتری بوو، زەوییەکەی کە لە باوکییەوە بۆی بەجێما بوو، زەوییەکی بە پیت و بەرەکەت و موڵك بوو، باوکی (عەلی) کاتی خۆی بەنرخێکی مامناوەندی لە یەکێکی کڕی بوو، تاپۆکەشی بەناوی خۆی کردبوو، لە دارەتی دنیایش تەنها تاقە کوڕێکی هەبوو کە ئەویش (عەلی) بوو، کە ئەمری خوای بەجێهێنا، وەك میرات بۆ (عەلی) مایەوە، ئەویش نزیکەی (٢٥) سالان لەو زەوییە کاری کردو گوزەرانی خۆی پێ دەستەبەر دەکرد، (عەلی) بە سایەی ئەو زەوییە هەم بووە خاوەن خێزان و ماڵ و منداڵ، هەمیش بووە خاوەن ئۆتۆمبێل و خانوو، وایلێهات ببووە یەکێ لە دەوڵەمەندەکانی گوندەکەی خۆیان، (عەلی) هەتا منداڵەکانی بە تەمەن بچووك بوون کێشەیەکی ئەوتۆی لە ناو خێزانەکەیدا نەبوو، بەڵام کە منداڵەکانی گەورەبوون، ئیدی ڕۆژێکی خۆشی بەچاوی خۆی نەدیت.

کوڕە گەورە (عەلی) کە ناوی (یوسف) بوو، کەسێکی بە تەماح و چاو نەتێر بوو، ببووە مایەی سەرئێشەو دەردەسەری بۆ (عەلی) و بۆ براکانی تریشی، جارێ (عەلی) نەمردبوو، ئەو میراتەکەشی بەش کردبوو، هەموو جارێ دەیگووتە براکانی تری "کە چوار برا بوون"، کەستان بۆتان نییە ئۆتۆمبێل و تراکتۆرەکە لێخوڕن، یان ئیشێك بکەن بەبێ پرسی من، (یوسف) هەم خۆی بە خاوەنی ماڵ و موڵکەکە دەزانی، هەمیش خۆی بە جێگرەوەی باوکی، ئەم ڕەفتارانەی (یوسف) براکانی تری بە تەواوەتی بێزارو توڕەو وەڕس کردبوو، چەند جارێك (یوسف) لەگەڵ براکانی کردیە دەمەقاڵێ و پاشان تەشەنەی سەندو بووە شەڕو لێکدانیشیان براکانی (یوسف) کە یەکێکیان ناوی (سالح) و یەکێکی تریشیان ناوی (خدر)بوو، چەند جارێك بەرپەرچی (یوسف) یان دایەوەو هەوڵیاندا بەری تەماحی پێبگرن و بڕێك بەر زەوتی بکەن، بەڵام بێ سوود بوو..

(عەلی) باوکیان دادو بێدادی بوو لە دەست تەماحەکانی (یوسف) و گێچەڵکردنی بە براکانی، چەندیشی هەوڵ لەگەڵدا بێ ئاکام بوو،(عەلی) لە بیری ئەوەدا بوو، (یوسف) بەوە ڕازی بکات بەشە میراتی خۆی پێبدات و ژنێکیشی بۆ بێنێت و بەڕێی بکات، بۆ ئەوەی لەسەرێکەوە تەماحی کەم بێتەوە، لەسەرێکی تریشەوە لە براکانی دوور بکەوێتەوە، بەڵام ڕێکەوت وابوو، ئێوارەیەك دوای ئەوەی دیسان (یوسف) دەستی بە ئاژاوەنانەوە کردەوە، (عەلی) باوکیان هەرچەندی کردو کۆشا نەیتوانی ئەو برایانە ئاشت بکاتەوە، لە حەژمەتان ژانە سینگ گرتی و دەستی بە ڕشانەوە کردو هەتا گەیاندیانە نەخۆشخانە نۆرە دڵی (جلطە) لێیداو کوشتی، باوك بەو کۆستەوە مرد کەچی (یوسف) هەر لە بیری ماڵ و موڵکدا بوو.

## کوژرانی (یوسف)ی تەماحکار

باوك مردو نێژرا، چەند ڕۆژێك دوای تازییە، (سالح) و (خدر) تەگبیریان کرد تا لەگەڵ براکانی تریان دانیشن و چارەسەری کێشەی (یوسف)بکەن پێش ئەوەی (یوسف) دەسپێبکاتەوەو ئاژاوە بنێتەوەو دەست بەسەر هەموو موڵك و ماڵەکەدا بگرێ و هەوڵی دەرکردنی ئەوانیتریش بدات. ئەوە بوو گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بەشە میراتی خۆی بە زیادەوە بدەنێ و، جا چ بە پارە بیقرسێنن، یا موڵکی بدەنێ و ئەوانیش بۆ خۆیان برایانە پێکەوە بژین و لەسەر ئەو بەشە میراتەی کە بۆیان دەمێنێتەوە، بە هاوبەشی خەریکی کاروکاسبی جارانی سەردەمی باوکیان بن، ئەوان بڕیاریاندا کە بۆ بەیانی ئێوارەکەی باسەکە لەگەڵ (یوسف) بکەنەوە، ئەگەر بەمەش ڕازی نەبوو ئەوا پێکەوە برایانە سوود لە ماڵ و موڵکەکە ببینن، ئەوان خەریکی ئەو باسە بوون، کە بۆ بەیانی (یوسف) دوو سێ کەسی لەگەڵ خۆی هێنابووە گوند، کە ئۆتۆمبێلەکەو تراکتۆرەکە بفرۆشێ، (سالح) گوتی: یوسف ئەوە خەریکی چی؟ (یوسف)یش گوتی خەریکم ئۆتۆمبێل و تراکتۆرەکە دەفرۆشم و خانووەکەو زەوییەکەش دەفرۆشم و بەشی خۆم هەڵدەگرم و ئەویدیکەتان دەدەمێ، ئینجا کەیفی خۆتانە چ لە بەشی خۆتان دەکەن، دەیخۆن، فڕێیدەدەن، ئەوە کێشەی خۆتانە، (سالح) و براکانی گوتیان، ئێمە زەوییەکەو خانووەکەش نافرۆشین، بەشی خۆت چەندە دەتدەینێ و بڕۆ لە کۆڵمان ببەوە ئێمە نە زەوی و نە گوندی باوکمان بەجێ ناهێڵین.

خەریك بوو دەبووە کێشەیان و دەستەو یەخەی یەك بگرن، بەڵام خەڵکی خێرخوازو کڕیارەکان کەوتنە نێوانیان و نەیانهێشت کێشە تەشەنە بکات و بگاتە ڕادەی لە یەکدان.. کە کڕیارەکان ئەم ناکۆکییەی براکانیان دیت، عوزرخوازیان هێنایەوەو لە کڕینی موڵك و ماڵەکە پەشیمان بوونەوەو ڕۆیشتن، (یوسف) کە ئەوەی دیت پەلاماری (سالح)یداو بووە شەڕیان، براکانی تر لێکیان کردنەوەو (سالح)یان لەبن دەستی (یوسف) دەرهێناو (یوسف)یشیان بردە یەکێ لە ژوورەکانی ماڵەکەیان،(یوسف) لەکاتی خۆ ڕاپسکاند، ڕایکردە ژووری مەتبەخەکەو دەستیدایە کێردێك و تاوی دایە (سالح)، خەریك بوو کێردێك لەملی (سالح) ڕابکات و بیکوژێ، بەڵام ساتمەیەکی گەورە دەکات کێرد لە سینگی ڕادەچێ و دەگاتە سەر دڵی و دەیکوژێت..

لەکاتی شەڕو دەمەقاڵێ کوڕەکانی لەسەر موڵك و سامان، عەلی تووشی نۆرەی دڵ دەبێ و گیان لە دەست دەدات

# دزیکردنی منداڵان

## خوویەکی کۆمەڵایەتییە یان دەرەنجامی پەروەردەیەکی هەڵەیە



ئا: یێگەرد حوسێن

زۆر بە نیگەرانییەوە باسی ئەو منداڵە (٧) ساڵانەی بۆ دەکردین کە فێری دزیکردن ببوو دەیگووت: بەهۆی ئەو رەفتارە نەشیاوەی کوڕەکەم چەندین جار تووشی هەڵوێستی ناخۆش و شەرمەزارانە هاتووم بە تایبەت ئەو کاتانەی چەند جارێك بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بە دوایدا ناردووم و سەرزەنشتی کردم.

(هۆشمەند باقی) جگە لەو قسانە باسی ئەوەشی بۆ کردین جاری وا هەبووە پارە لە گیرفانی خۆی یان خێزانەکەی ون بووە دوای ئەوەی لە ماڵەوە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونیان لێکردووە بۆ یان دەرکەوتووە منداڵەکەیان سەرچاوەی ئەو رەفتارەیە (هۆشمەند) کە لە تەمەنی (٣٥)ساڵیدایە و خاوەنی (٣) منداڵە وێڕای ئەوەی دان بەوە دادەنێت کە زانیاری و رۆشنبیرییەکی ئەوتۆی لە پەروەردەکردنی منداڵدا نییە، بەڵام دەشڵێت: هەرچۆنێك بێت توانیوومە رێك و پێك پەروەردەیان بکەم نەخاسمە تا ئێستا لە دوو منداڵەکەی دیکەم هیچ رەفتارێکی وەهام تێبینی نەکردووە (هۆشمەند) بەسەر سوڕمانەوە ئەوەشی گوت کوڕەکەی پاش دزینی هەر بڕە پارەیەك هیچی لێ خەرج نەدەکرد، بەڵکە هەمووی لە شوێنێکی لاتەریك دەشاردەوە تا دەماندۆزییەوە، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە بە هەوڵ و کۆششی مامۆستایانی قوتابخانەکەی دەسبەرداری ئەو کردارە بووەو وەك هەر منداڵێکی ئاسا رەفتار دەکات.

جیهانی منداڵ جیهانێکی پاك و هەستیارە، منداڵ کە لەدایك دەبێ وەك پەڕەیەکی سپی بێگەرد وایە چۆن پەروەردەی بکەی و چی لێبچێنی هەر ئەوەی دەدرویتەوە، بۆیە بەردەوام پسپۆڕانی واری پەروەردەی منداڵ جەخت لەسەر ساڵانی سەرەتای تەمەنی مرۆڤ دەکەن و بە قۆناغێکی هەستیار و گرنگ لەسەر رەنگڕێژکردنی کەسایەتی داهاتووی وەسفی دەکەن، دزیکردنیش وەك رەفتارێکی کۆمەڵایەتی هیچ کۆمەڵ و چین و توێژێك لێی بەدەرنییە زۆر جاری وا هەیە دەبینین منداڵانیش ئەو رەفتارە دەنوێنن، بێگومان قسەکردن لەسەر ئەو باسە و دەستنیشان کردنی فاکتەرو چارەسەرییەکان زۆر هەڵدەگرێ هەر بۆیە وێڕای قسەکردن لەگەڵ چەند دایك و

باوکێك ژمارەیەك لە مامۆستاو پسپۆڕی ئەو بوارەشمان هێنا قسەکردن..

- خاتوو (تریفە مەحموود) پێی وایە خێزان یەکەمین قوتابخانەی پێگەیاندنی مرۆڤە و هەموو شتەکان لە وێوە دەست پێدەکەن، (تریفە) دەڵێت: دایك ڕۆڵێکی میحوەری لە خێزاندا دەگێڕێت ئەو لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر ئاگاداری هەڵوێست و ڕەفتاری منداڵەکانیەتی بەخێرایی تێبینی وردترین گۆڕانکاری ژیانیان دەکات هەربۆیە چاودێری و پەروەردەی دروستی خێزان یەکجار گرنگن بۆ بەرگرتن لەو ڕەفتارانە، (تریفە) باسی لەوەش کرد، پێویستە ماڵەوە لەسەرووی هەموویانەوە دایك بزانێ منداڵەکانی هاوڕێیەتی کێ دەکەن و ئەو ڕۆژانە پارەی کە پێیان دەدرێت چۆن خەرجی دەکەن هەربۆیە دەڵێت: (هەموو ڕۆژێك لە منداڵەکانم دەپرسم ئەو پارەی پێم داون بەچییان داوە تا بزانم بارتەقای ئەو شتانەیە کە دەیگرن)

- هاوڕا لەگەڵ بۆچوونەکانی (تریفە) خاتوو (سوڵحیە مامەند) یش وای بۆ دەچێت پەروەردەی خێزان بێ ڕادە کاریگەرە لەهەمان کاتیشدا دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵیش فاکتەرێکی دیاری خووگرتنی منداڵە بە ڕەفتاری لەو جۆرە و دەڵێت: منداڵ بوونەوەرێکی ناسك و بێدەسەڵاتە بیرکردنەوە کرداری وەك گەورەکان نییە، کاتێك لە قوتابخانە یان لەکۆڵان هاوڕێ و هاوپۆلەکانی دەبینێ جۆرەها خواردن و کەل و پەل و یارییان پێیە و ئەویش پارەی لە گیرفان نییە دەستە پسکویتێك بکڕێت لەوانەیە بیر لە ڕەفتارو هەڵسووکەوتی هەڵەی ئەوتۆ بکاتەوە کە لە هزری ئەودا هەڵەو نەشیاونین، (سوڵحیە) بەردەوام بوو گوتی: ئالێرەوە سەرەتای گرفت و ئاریشەکان دەست پێدەکەن بە تایبەت گەر دایك و باوك بەرادەیەك هۆشیار و ڕۆشنبیر نەبن کە بتوانن بە شێوەیەکی پەروەردەیی هانی منداڵەکەیان بدەن واز لەو کارەی بهێنێ ئەوا سەرکێشی و کرداری نابەجێی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێ و لە داهاتوودا کەسایەتی ڕووبەڕووی چەندین پرسیار دەکاتەوە.

- دوای خێزان، قوتابخانە ئەو نێوەندە پێگەیاندنە کاریگەرەیەکە حزووری بەرچاوی لە پەروەردەو ڕەنگرێژکردنی کەسایەتی تاکەکان هەیە بەشێك لە پسپۆڕان دەڵێن لەو سەردەمەدا لەوانەیە گرنگییەکەی لە خێزان زیاتر بێ.

- مامۆستا (بێخاڵ حەمە) لەگەڵ جەخت کردن لەو قسانە هێما بۆ ئەوەش دەکات کەسایەتی مامۆستاش وەك پێکهێنەرێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندن بەرادەی بەرچاو ڕۆڵی هەیە، چونکە وەك (بێخاڵ) ئاماژەی بۆ دەکات ئەرکی مامۆستا تەنها گەیاندی وانەیەکی زانستی ڕووت نییە بەڵکو پەروەردەو دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤیشە، بۆیە گوتی: بەبڕوای من چەند مامۆستا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لەو ڕەفتارانە و خراپییەکانی بۆ قوتابیان بکات ئەوا ئەوەندە ڕێژەی دزیکردن و درۆ و بەکارهێنانی وشەی ناشیرین لەنێو قوتابیان کەمتر دەبێتەوە، لە وەڵامی ئەوەش کە ئایا پێی وایە ژمارەی ئەو جۆرە منداڵانە لە چ قەوارەیەکدایە (بێخاڵ) گوتی: پێم وانییە ڕێژەیان لە قوتابخانەکان زۆربێ، بەڵام لە کۆڵان و بازاڕەکاندا زۆرو مەترسیدارن.

- بەڵام بە قسەی مامۆستا (کنێر وەسمان) لە قوتابخانەی حاجیاوا هەنووکە ڕێژەی ئەوانە لە قوتابخانەکانیش ڕووی لە زیاد بوون کردووە، ئەو دەڵێت: لەوانەیە ژمارەیان لە قوتابخانەیەك بۆ قوتابخانەیەکی دیکە یان لە شوێنێك بۆ ئەوی دیکە جیاواز بێ وەلێ دزیکردن لەنێو منداڵانی قوتابخانەش ڕوو لە هەڵکشانە، (کنێر) پێی وابوو زێتر لە فاکتەرك لە پشتی ئەو ڕەفتارە نابەجێیەوە دەوەستێ، بەڵام لە هەموویان دیارتر پەروەردە و توندوتیژی نێو خێزانە ((منداڵێك کە لەتەمەنێکی زووەوە ئەرکی پارە پەیداکردنی پێدەسپێردرێ و تەسلیمی قەدەر و بازاڕ دەکرێ حەتمەن هەر دزی و درۆکردنی لێ ڕەچاو دەکرێ))

(گەر منداڵەکەم کارێکی لەو جۆرە بکات دیارە من باوکێکی خراپ بوومە)

- (نیازی حوسێن) بەو چەند وشەیە دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: نابێ لە حاڵەتی ئاوادا پەنجەی تاوان بۆ منداڵ درێژ بکرێ، بەڵکە تاوانباری ڕاستەقینە باوکە، چونکە چۆن نەیتوانیوە تەندروست منداڵەکەی پەروەردە بکات هاوکات جڵەویشی بۆ شل کردووە تا بە ئارەزووی خۆی هاوڕێیەتی منداڵ بکات و لێبێچینەوەو بەدواداچوونیشی بۆ نەکات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتەش (نیازی) پێی وابوو دەبێ نەرم و نیان هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ بکرێ و لە هۆکارەکانی ئەو ڕەفتارەی بکۆڵدرێتەوە ئینجا پەروەردەییانە چارەسەر بکرێ.

- (هێدی مستەفا) ش کە باوکی چەند منداڵێکە بڕوای وایە، زۆرێك لە خێزان و دایك و باوکی ئەو ڕۆژگارە وەك پێویست بە ئەرکی سەرشانیان هەڵناستن، یان هەڵگری زانیارییەکی پەروەردەیی فراوان نین، هەربۆیەشە ئەو ڕەفتارەو چەندانی دیکە کە دوورن لە جیهانی پڕ بەرائەتی منداڵان ڕوو لە زیاد بوونن، (هێدی) ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد پەروەردە کردن تەنها دەستەبەرکردنی خۆراك و جل و بەرگ و پارە نییە بەڵکو کۆمەڵە ڕێساو چەمکێکیشە کە گرنگە دایکان و باوکان زانیاریان لە بارەیەوە هەبێ گەر زانیارییەکی سەرەتاییش بن.

- لەکاتی دەستنیشانکردنی چارەسەری هەر دیاردە یان ڕەفتارێکی نەشیاو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هۆکارەکان تا لەوانەوە چارەسەری پێویست هەڵێنجین، لەم ڕووەوە خاتوو (ئاواز بەکر) توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: دزیکردن وەك ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی نەشیاو یەکڕاست پەیوەستە بە پەروەردەکردن، پەروەردەکردنی مرۆڤیش وەك سیستەمێك سەرەتا خێزان و قوتابخانە ئامادەگی ڕوونیان هەیە ئینجا میدیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، پەروەردەی خێزانی دروست لەگەڵ سیستەمێکی پەروەردەیی تۆکمە کەفیلن بۆ ئەوەی بتواندرێ ڕێگە بە سەرهەڵدانی ڕەفتاری لەو جۆرە نەدرێت، سەبارەت بە چارەسەریش (ئاواز) گوتی: دەبێ مامەڵەی مامۆستاو دایك و باوك لە کاتی ڕەفتاری ئاوای منداڵەکانیان مامەڵەیەکی زانستییانە و لەسەرخۆ بێ و بەدوای فاکتەرەکانی بگەڕێین و ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزینەوە دەنا بە پێچەوانەوە چاوپۆشین لەو ڕەفتارانە کرداری وێرانکەرو خراپتر بەدوای خۆیدا دێنێ.

●●●
**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:**
**دزیکردن وەک ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی نەشیاو یەکڕاست پەیوەستە بە پەروەردەکردنەوە، چاوپۆشینیش لێی ڕەفتاری وێرانکەر و خراپتر بە دوای خۆیدا دێنێ**
●●●

●●●
**مامۆستایەک:**
**ئەو ڕەفتارە خەریکە لای منداڵانی قوتابخانەکانیش هاوشێوەی ئەوانەی لە کۆڵان و بازاڕەکان کاردەکەن، ڕوو لە زیادبوون دەکات**
●●●

●●●
**ژنێک:**
**دابین نەکردن پێداویستییەکانی منداڵ فاکتەرێکی سەرەکی سەرهەڵدانی ڕەفتاری دزیکردنە**
●●●



# ئەو باوکەی بووە هۆی لە ناوچوونی خێزانێک

لەبەرەبەیانی رۆژێکی نوێدا هێشتا خەڵك لە خەو هەڵنەستابوو کە ماڵی ئێمە گەورەترین خەم رووی تێکردین، خەمێك کە تامردن شوێنەواری لەسەر دڵ و دەروونی من بەجێ هێشتووە. ئەو خەمەش مردنی دایکم بوو بەڕاستی ئێستاش کە باسی دایکم دەکەم دەروونم بە تەواوی ناسۆر دەچێژێت.

ئێمە دەمانزانی بە مردنی دایکم ئەم خەمە گەورەیە یەخەمان دەگرێت چونکە باوکم پیاوێکی هەتا بڵێی خراپ و کەللە رەق بوو، هەرگیز نەدەوێراین رووبەرووی خۆی قسەی لەگەڵدا بکەین و داوای پارەی لێبکەین.

خێزانەکەمان لە (٥) کەس پێکهاتبوو، دایك و باوك و دووخوشك و برایەك، براکەم کەسێکی زۆر بەخشندە و میهرەبان بوو هەرگیز لەرەفتاریدا وەك باوکم نەبوو هەمیشە پشتگیری ئێمەی دەکردو لەباوکم تورە دەبوو کە بۆچی لێمان تورەدەبێت و بەبێ هۆ لێمان دەدات براکەم زۆر هەستی بە شەرمەزاری دەکرد کاتێك باوکم بەو چەشنە لێمانی دەدا، باوکم لە بازاڕ دوکانی هەبوو و ئاستی ئابوریشمان مام ناوەند بوو بەڵام نەماندەزانی بۆ هەمیشە خەمبارە کە دەهاتە ماڵەوە هەموو تورەیی خۆی بە ئێمە دەرشت.

باوکم لەسەر رەفتارە دڕاندانەکەی خۆی بەردەوام بوو تا لە ئەنجامدا بەهۆی لێدانێکی زۆر سەختەوە دایکم تووشی بەربوونی خوێن بوو کاتیك بردمان بۆ نەخۆشخانە پزیشکەکە لێی پرسین بەچی وای لێهاتووە لەبەر رقی باوکم کەسمان نەوێراین راستی بدرکێنین لەدوایدا کاتێك پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردین وتمان لەسەربان بەربۆتەوە!! دایکم بەهۆی لێدانی باوکمەوە چاوێکی لەدەستدا و دواتر هەربەهۆی ئەو لێدانەوە مێشکی تووشی نەخۆشییەکی سەخت بوو تا لەئەنجامدا کۆچی دوایی کرد.

**پاش مردنی دایکم**

بەڵێ...کاتێك دایکم بەهۆی دڕندەیی باوکمەوە تووشی ئەو نەخۆشییە بوو دوایش کە کۆچی دوایی کرد باوکم ئەوەندەی تر خراپ بوو لەگەڵمان هەمیشە قسەی ناشیرینی پێدەوتین کە رووم نایە ئێستا بیاندرکێنم، شەوێك باوکم و براکەم بوو بە شەڕیان زۆریان لەیەکتردا من و خوشکەکەم هەرچەندمان کرد نەمتوانی لەیەکتریان جیا بکەینەوە ناچاربووین بانگی ماڵە دراوسێکانمان بکەین تا بێن لەیەکتریان جیابکەنەوە دەترساین یەکێکیان ئەوی تریان بکوژێت، لەدوای ئەوەی کە دراوسێکانمان بە دەنگمانەوە هاتن و لەیەکتریان جیاکردنەوە، باوکم بە (مەریوان)ی برامی ووت نابێت لەم ماڵەدا بمێنیت و هەرئێستا برۆ دەرەوە، هەرچەند ماڵە دراوسێکانمان لە باوکم پاڕانەوە کە لێی ببورێت و دەری نەکات بەڵام بێ سود بوو هەر دەریکرد (مەریوان)یش نەیدەزانی بەو شەوە بۆ کوێ بڕوات و ناچاریش بوو کە بچێتەوە دەرەوە، ئێمەش داوامان لەماڵێکی دراوسێمان کرد کە بەدزی باوکمەوە ئەو شەوە لەو ماڵی ئەوان بمێنێتەوە تا بۆ بەیانی بچێت بۆ قەڵادزێ بۆ ماڵی خاڵەکانم.

لەدوای ئەوەی کە مەریوانی برام ئەو شەوە لەماڵێکی دراوسێمان بوو، بۆ بەیانی زوو چوو بۆ قەڵادزێ بۆ ماڵی خاڵەکانم، ئیتر لەورۆژەوە براکەم لەماڵی خاڵێکم مایەوە و جار جار کە دەهاتە سلێمانی بە دزی باوکمەوە دەهات سەردانی دەکردین و هەوڵی دەدا کەلەوماڵە رزگارمان بکات چونکە دەیزانی باوکم چەندە خراپە بۆمان، چەندجار خاڵەکانم چوون بۆلای باوکم تا لەبراکەم خۆش بێت و بێتەوە بۆ ماڵەوە بەڵام بێ سوود بوو، من و خوشکەکەم پێمان خۆش بوو ئێمەش بچین

ئا: ناسك سەعید - سلێمانی

بۆ قەڵادزێ و لەگەڵ براکەم بژین، لەبەر ترسی باوکیشمان نەدەوێراین لەماڵ دەربچین، چەند جار هەڕەشەی ئەوەی لێکردین ئەگەر بێتو شتی وابکەین دەمانکوژێ نەمزانی کێ بوو کە بە باوکمی گوتبوو کە مەریوان سەردانیان دەکات و بەنیازن ئەوانیش برۆن بۆ قەڵادزێ؟

## کۆچی دوایی براکەم

مەریوانی برام دوای ئەوەی کە باوکم دەریکرد ئیتر لەماڵی خاڵێکم مایەوە، هەرچەند براکەم قوتابی پەیمانگا بوو، بەڵام بەهۆی ئەو کێشەوە ناچار بوو واز لە خوێندن بهێنێت و دەست بەکارکردن بکات لە قەڵادزێ، مەریوان شۆفێری بۆ ماڵی خاڵم دەکرد بەڵام بەداخەوە لە سەفەرێکی بۆشاری هەولێر تووشی پێکدادانی ئۆتۆمبیل بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گیانی لەدەست بدات.

ئەوەی من لەباوکی خۆمم دی باوەڕناکەم لەهیچ کەسی تر ببینم لەکاتێکدا هەر ئەو برایەم هەبوو کە بۆماوەی (٤) مانگ ماڵەوەی بەجێهێشتبوو، کاتێك هەواڵی مردنی براکەمیان پێووت باوەڕبکەن هیچ بەخەیاڵیدا نەهات و پێی ناخۆش نەبوو، ئیتر ئێمە بۆمان دەرکەوت کە باوکم هیچ بەزەیەکی بۆ هیچ مرۆڤێك نیە. لەدوای مردنی براکەم، باوکم ئەوەندەی تر توڕەبوو لێمان و پێی دەوتین ئێوەش بۆچی ناچن بۆ ماڵی خاڵتان من چی تر بەخێوتان ناکەم و دەمەوێت ژن بهێنم، پێمان سەیربوو هەتا براکەم مابوو نەیدەهێشت ئێمەش لەو ماڵە بڕۆینە دەرەوە و لەقەڵادزێ لەگەڵ براکەمدا بژین بەڵام لەدوای مردنی براکەم وای پێدەوتین!!!

ئێمە گوێمان بەم قسانەی نەدەدا ناچاربووین رازی بین بەو ژیانە ناخۆشە چونکە دەمانزانی براکەم چەند ژیانی ناخۆش بووە کاتێك کەلەماڵی خاڵمدابووە ئەو (٤) مانگە هەر کاری بۆ ئەوان کردووە چی پارەی پەیدا کردووە هەموویان لێسەندووە، من و خوشکەکەم وتمان دان بەخۆماندا دەگرین و دەمێنینەوە.

## ژن هێنانی باوکم و شوو کردنی من

رۆژێکیان باوکم کەلەبازار هاتەوە زۆر دڵی خۆش بوو ئێمەش بەلامانەوە سەیربوو لەژیانماندا رووی خۆشمان لەباوکمان نەدیبوو، دوای ئەوەی کە نانی نیوەڕۆی خوارد ووتی کچەکانمان وەرن دانیشن راستیەك هەیە پێتانی دەڵێم، ئێمەش ووتمان فەرموو بابە گیان ووتی کچەکانم خۆتان دەزانن هەرئەبێت کچ شو بکات و کوڕیش ژن بێنێت و خۆشتان دەزانن ئەگەر ئێوە شوو بکەن من پێویستیم بەکەسێك هەیە کە دوای ئێوە خزمەتم بکات، کاك عەلی برادەرم خۆ دەزانن باسی کێ دەکەم ئێمەش دەمانزانی کە کاك عەلی کێیە (پیاوێك بوو ژنەکەی بەهۆی نەخۆشیەوە زۆر دەمێك بوو کۆچی دوایی کردبوو هەر خۆی و خوشکێکی بە تەمەنی هەبوو کە پێکەوە دەژیان) چەند رۆژە لەسەر ئەوە قسە دەکەین کە دەبێت (ژیان) شوو بکات بە کاك عەلی بۆئەوەی ئەویش خوشکەکەی بە من بدات، من و ژینۆی خوشکم زۆرمان پێ سەیر بوو وتمان باوکە گیان ئاخر چۆن شتی وا دەبێت خۆت دەزانی کاك عەلی نزیکەی (٣٥) ساڵ لەمن گەورەترە خوا چۆن ئەوە قبوڵ دەکات باوکیشم توڕە بوو وتی ویستومە مەوزوعەکە بە خۆشی پێتان بڵێم دەنا خۆم ئەو کارەم هەر دەکرد.

کاتێك باوکم بڕیاری کۆتاییدا بۆ ژنهێنانی خۆی و بەشودانی من، من و خوشکەکەم کارو پیشەمان بەس گریان بوو هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو بۆئەوەی بتوانین ئەو کارە هەڵبوەشێیننەوە.

بۆماوەی هەفتەیەك هەموو شتێك تەواو بوو باوکم ژنی هێناو منیش شوم بە کاك عەلی کرد بەڵام چ شوکردنێك سەد شکور بە ماڵی باوکم کە هەمووی پڕ بوو لەخەم خەفەت، ژینۆ پێی ووتم ژیان گیان بەڵکو ئەم کابرایە باش بێت بۆت و کەمێك بحەسێیتەوە، بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو.

پیاوەکەم هەمیشە گوێی لەقسەکانی باوکم دەگرت هیچ حسابێکی بۆ من نەدەکرد زۆر لە باوکم خراپتر بوو جگەلەمەش باوەژنەکەم ئەوەندەی تر بۆ ژینۆی خوشکم خراپ بوو هەرچی کاری ئەو ماڵە بوو بە خوشکەکەمی دەکردو دواتریش کە باوکم دەهاتەوە گلەیی لە خوشکەکەم دەکرد. بێگومان باوکیشم بە گوێی باوەژنەکەمی دەکردو لە خوشکەکەمی دەدا،جگەلەمانەش چەندین جار کە باوکم لەماڵ نەدەبوو شەڕی لەگەڵ خوشکەکەم دەکردو دەبووە شەڕ لەگەڵ یەکتری هەموو ئەمانەی بۆ باوکم دەگێڕایەوە تا رۆژێك دوای لێدانێکی زۆری باوکم ژینۆی خوشکم خۆی سووتاندو ئەویش منی بەجێهێشت.

## جیابوونەوەی من و هاوسەرەکەم

لەدوای ئەم هەموو خەمەی کە رووی لەخێزانی ئێمە کرد هەموو گوناهەکەی بۆ باوکم دەگەڕێتەوە ئەگەر ئەو باش بوایە ئەم کارەساتە خەماویانە بۆ بەسەر خێزانەکەنەماندا دەهات؟ لەدوای خۆسووتاندنی ژینۆی خوشکم ئەوەندەی تر خەم و خەفەت و ناخۆشی بۆ من دروست بوو، پێشتر هەر باوکم بوو بەڵام دوایی پیاوەکەم و باوەژنمیشی هاتە سەر ئیتر وام لێهات راهاتم لەسەر هەموو قسەیەکی ناخۆش و لێدان، تا کار گەیشتە ئەوەی کە بەڵێنمدا بڕیاری جیابوونەوە بدەم، کاتێکیش باوکم ئەمەی بیست زۆر لێم توڕەبوو بەڵام بێ سوود بوو جیابونەوەی ئێمە ئاسان بوو چونکە عەقدی زەواجمان نەبوو تەنها لەرێگەی مەلایەکەوە لەیەکتر مارەکرابووین، پیاوەکەم هەڕەشەی ئەوەی لێکردم ئەگەر بێتو جیاببینەوە منیش خوشکەکەم لە باوکت دەسێنمەوە بەڵام ئەمە بەلامەوە هیچ گرنگ نەبوو، ئەوەندە ناسۆریم چەشت بوو لەخێزانێکدا سێ کەس ببنە قوربانی کەسێك چۆن سۆزت بۆی دەجوڵێت.

پاش ئەوەی بەتەواوی جیابووینەوە ئیتر من چووم بۆ ماڵی پورێکم کە خوشکی دایکم بوو ئەویش دنیایەك ناخۆشی بەسەر هاتبوو هەر خۆی و کچێکی کەم ئەندام بوون، ئێستاش لەلای ئەوان دەژیم، من و پورم بۆ بژێوی ژیانمان بەیەکەوە لەبازاڕ کاردەکەین. باوکیشم لەگەڵ باوەژنەکەم و پیاوەکەی من بەیەکەوە دەژین بەڵام هیچ ئاگادارییەکی ژیانی ئەوان نیم و حەزیش ناکەم بزانم کە چۆنن؟!!!

●●●
**باوکم هێجگار دڵڕەق و تووندوتیژبوو، جنێو و لێدان خۆراکی رۆژانەی ژیانی ئێمەبوو، هەر ئەمەش بووە هۆی گیان لە دەستدانی دایکم**
●●●

●●●
**پاش مردنی براکەم، باوکم منی بە پیاوێکدا و (ژینۆ) ی خوشکیشم لە بەر خەمەکانی من خۆی سووتاند**
●●●



# ئایا گەدە نزیکترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن به دڵی پیاو

ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

بە پێکەنین و کەمێك تێڕامانەوەباسی لەو ڕۆژانە دەکرد کە تاکە گرفت لە نێوان ئەو و مێردەکەی جۆرو شێوازی ئامادەکردنی خواردن و چێشتلێنان بوو، (شنۆ) کە(١٠) ساڵ زیاترە چۆتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە باس لەوە دەکات کە دوای ئەو ماوە درێژەی بەیەکەوە ژیان ئینجا توانیوویەتی ویست و ئارەزووەکانی مێردەکەی لە خواردن ئامادەکردن دەستەبەر بکات، چونکە وەك خۆی گوتی "مێردەکەی پیاوێکی نەوسن و زۆر خۆرەو بە هەموو جۆرە خواردن و شێوە چێشتلێنانێك ڕازی نابێت، بۆیە تەعامولکردنی لەگەڵ ئەو جۆرە پیاوانە هەندێك لێزانی گەرەکە". (شنۆ) ئەوەی لێنەشاردینەوە کە سەرەتا ئەمە هۆکارێکی سەرەکی گرفت و کێشەی بەردەوامی ئەوان بووە تاڕادەی توڕەبوون و زیزبوون لە یەکتری بۆیە پێیوایە گەر ئافرەت کەمێك فێڵ و شارەزایی خۆی لەو بوارە بەکاربێنێ لەوانەیە زۆر بە ئاسانی نەك بگاتە نێو دڵی پیاو بەڵکە تەواو دەستەمۆ و کۆنترۆڵی بکات.

- لە ژیانی خێزان و کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا خواردن و ژەمە خۆراکی ڕۆژانە تەوەرێکی سەرەکی ژیانەو لە ڕادەبەدەر بایەخی پێدەدرێت، هەردەم ئافرەتی کابان و بەتوانا جێگەی بایەخی پیاوان و دەوروبەرەکەیەتی فەرهەنگی کۆمەڵگەی ئێمەش پڕیەتی لە پەندو قسەی نەستەق لەم بوارە، هەندێك بەهۆی گرنگی ئەو مەسەلەیە لە ژیانی پیاواندا پێیانوایە کورتترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە دڵی پیاو گەدە(معده)ی پیاوە، واتە گەر ئافرەت توانی گەدەی هاوسەرەکەی بەو خواردن و جۆرە خواردنەوانە پڕ بکات کە حەزی لێیەتی ئەوا زۆر بە خێرایی دەتوانێ بگاتە دڵی ئەو و کۆنترۆڵی بکات.

- (مهاباد عەبدولڕەزاق) مامۆستا(٤٢)ساڵ ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: بەڵێ زۆرێك لە پیاوانی ئێمە ئەوەندەی بایەخ بە خواردن و جۆرەکەی دەدەن بایەخ بە زۆر شتی دیکە نادەن کە گەلێك گرنگ و پڕ بایەخترن بۆ ژیانی هاوسەری (مهاباد) باسی لە سروشتی مێردەکەی بۆ کردین و گوتی: پیاوەکەم زۆر هەستیارەو هەموو جۆرە خواردنێك ناخوات تەواو شارەزاو لێزانە جاری واهەیە تەنها لە بۆنی خواردنەکەوە دەتوانێ حوکم لەسەر تام و باشی و خراپییەکەی بدات، هەر بە بۆچوونی (مهاباد) بەڵام هەموو پیاوانیش ئەو سروشتەیان نییە ئەو دەڵێت:"هەندێ پیاو هەن بە هەموو شتێك ڕازین و هەموو

جـۆرە خواردنێك دەخۆن و دەڵێن بە زیادبێ، بێگومان ئەوانە بۆ ژیانی هاوسەری گونجاوترن".

- پسپۆران دەڵێن بەشێوەیەکی رێژەیی نەك رەها پەیوەندییەك لـە نێوان خۆشەویسـتی و خواردندا هەیە بـەو رادەیەی چۆن زۆرینەی ئافرەتان دڵشادو کەیف خۆش دەبن کاتێك، مێردەکانیان بەشێوەیەکی لە ناکاو دیارییان پێشکەش دەکەن، بە هەمان رادەش پیاوان خواردنی بەتام و چێژو جۆراوجۆری دەستی ژنەکانیان بە دیارییەکی پڕ بایەخی ئەوان دادەنێن.

- هـاوڕا لەگەڵ ئەو بۆچوونە(عەلی محەمەد سـێکانی) دەڵێت:"بەدەسـت خـۆم نییە ئافرەتی کابان و دەسـت رەنگینم خۆش دەوێت"(عەلـی) رای وایە کابانی ئافـرەت بەهرەیەکە لە بەهرەکانی پـەروەردگارو بە هەمـوو ئافرەتێك نادرێت ئەو گوتی: راسـتە خێزانەکەم خۆشـدەوێ چونکە چەندین ساڵە هاوژیانمەو دایکی منداڵەکانمە بەڵام لێت ناشارمەوەش کابانی و لێزانی لە چێشـتلێناندا هێندەی دیکە ئەوی لای من جوان و خۆشەویسـترکردووە، دەستاو و خواردنی ئەو بە هەموو ئافرەتی دونیـا ناگۆڕمەوە، ئـەو پیاوە تەمەنی(٢٤) سـاڵییە دواجار گوتی: بەڵێ راستییان گوتووە کاتێك دەڵێن گەر ویستت خۆت لای مێردەکەت خۆشەویست بکەی و هەموو دڵی داگیر بکەی ئـەوا لە رێگەی خواردن و گەدەیـەوە بۆی بچوو چونکە ئەوە کاریگەرترین رێگەیە.

- جیاواز لەو بۆچوونانەی (مام عەلی)، (بەختیار کازم)ی فەرمانبەر وای بۆ دەچێت، کارەساتێکی گەورەیە کاتێك پیاو هەموو جوانی و کەسایەتی ئـافـرەت لـە جـۆری خواردن و گەدەی خۆیدا کۆبکاتەوە بەختیار دەڵێت: خواردن بەشێکی لاوەکی ژیانە ناکرێ هیچ کاتێك خۆشەویستی بەپێوەری خواردن و گەدە بپێوین، خۆشەویستی پرۆسەیەکە کـۆمـەڵـێك هـەسـت و نەست و کردار دروستی دەکـەن خۆشەویستی راستەقینە پرۆسەیەکی ئـاڵـۆزە مـەحـاڵە ماددەو شتی کاتی و بەسەرچوو بـتـوانـن تەندروستانە بـەرهـەمـی بهێنن، (بـەخـتـیـار) بـەر لەوەی کـۆتـایـی بـە قسەکانی بـێـنـێ بـە زمانێکی تەنزانە گوتی: "ئـەو چ دڵ داگیرکردنێکە، چ پەیوەندییەکی هاوسەرییە گەر کۆڵەگەی سەرەکی لەسەر کابانی ئافرەت و تێرکردنی گەدەی پیاو دامەزرابێ؟".

- بەرای (هەڵکەوت محەمەد) قوتابی زانکۆش جگە لە گەدەی پیاو زۆر رێگەی دیکە هەن بەهۆیانەوە ئافرەت دەتوانێ بگاتە دڵی پیاو و ببێتە شانشینی، (هەڵکەوت) ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە حەنان و پەیڤی سۆزدارو رێزگرتن لەگەڵ لایەنی سێکسی ئەو رێگەو فاکتەرە گرنگانەن کە ناکرێ پشتگوێ بخرێن، هەروەها گوتیشی: پێویستە ئافرەت هەموو ئەو رێگایانە لەبەرچاو بگرێ و تەنها یەکێکیان نەگرێتەبەر چونکە بە هەموو ئەوانە دەتوانێ زامنی مانەوەی هەتا هەتایی بکات.

- دەڵێـن مرۆڤ منداڵـی رۆژگاری خۆیەتی، هەر زەمەن و رۆژگارێکیـش چەمـك و پێودانگـی خۆی هەیـە، لەو گۆشەنیگایەوە(کامەران عەبدە) دەڵێت: ئەمرۆمان زۆر جیاوازە لە دوێنێ، گەر ئەو جۆرە شـتانە بۆ پیاوێکی(٤٠-٥٠) سـاڵ پێش ئێستا مایەی بایەخ و سەرنج بووبێ ئەوا بۆ گەنجێکی وەك من هێندە گرنگی و بایەخی نییە، (کامەران) باسی لەوەشکرد لە رۆژئاوا زۆربەی خۆراکی رۆژانەی خەڵکی دەستاو و کابانی ئافـرەت رۆڵی تێدا ناگێڕێ چونکە هەموو ئامادەو قوتووبەندە، لێرەش وەزعەکە خەریکە بەو ئاراسـتەیە دەڕوا، هەروەها دەشڵێت: گەنجی ئێسـتا هێندە گرنگی بە جوانی و کەسایەتی و سۆزو حەنانـی ئافرەت دەدەن هێندە رەچاوی ئەو شـتانە ناکەن، بۆیە گوتی:"لەمرۆدا هیچ کاتێك گەدەی پیاو وێسـتگەیەکی شیاو نییە بۆ گەیشتن بە دڵی".



- بـە بـڕوای خاتوو (ئـاریـز سەعدەدین)ی فـەرمـانـبـەر لـە هەموو شوێن و زەمانێکدا(خواردن و سێکس) ئـەو دوو هێزە وروژێنەرەن کە لە توانایاندایە شکست بـەگـشـتـی توانا بەرگرییەکانی پیاوان بێنن و دەسـتـەمـۆیـان بکەن، ئـەو دەڵـێـت: وەك هەموو لایـەنـەکـانـی دیکەی ژیـانـی هـاوسـەری چۆن بە ئەنانییەتەوە مامەڵە دەکەن، لە بابەتی خواردن و خـۆراکـیـشـدا هەمان رەفتار دووبارە دەکەنەوە بێ ئەوەی حیسابێك بۆ حەزو و ئارەزووەکانی ژنەکانیان بکەن، بۆیە (ئاریز) پێیوابوو خواردن و زۆر شتی تریش ئـەو رێگـە ئـاسـانـانـەن کە ئافرەت دەتوانێ بەهۆیانەوە بگاتە دڵی پیاوان.

●●●
**پیاوێک:**
**خواردن بایەخی تایبەتی هەیە لای پیاوان بۆیە گەدە نزیکترین رێگەیە بۆ گەیشتن بە دڵی ئەوان!**
●●●

●●●
**ژنێک:**
**زۆرێک لە پیاوانی ئێمە ئەوەندەی بایەخ بە خواردن و جۆرەکەی دەدەن ئەوەندە بایەخ بە هەندێ شتی دیکە نادەن کە پڕ بایەخترن بۆ ژیانی هاوسەری**
●●●

●●●
**پیاوێک:**
**کارەساتێکی گەورەیە گەر پیاو هەموو جوانی و کەسایەتی ئافرەت لە خواردن و گەدەی خۆیدا کۆبکاتەوە**
●●●

# به بوختانی مێردەکەی نەسرین دەکوژرێ و دوو منداڵیشی لە پاش بەجێدەمێنێ



**ئەوانەی ڕەشەکوژی ئافرەت دەکەن، بیر لەوە ناکەنەوە شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو تاوانە چەندە گەورەو کاریگەرن، بکوژان وا بیر دەکەنەوە گرنگ لە ناوبردنی ژنە(بێ ئەخلاقەکەیانە..؟!) گرنگ نییە چی و کێی لە پاش بەجێ دەمێنێ..(نەسرین) ژنێکی ٢٥ساڵەیە، ژنی ماڵ بووەو مێردێکی ئیشنەکەری هەبووەو خاوەنی دوو منداڵی بچووکیشە، ژنە لەبەر باری گرانی نەبوونی و هەژاریدا، سەرەڕای ئەوەی بە هەموو ناگزووری و ژیانە تاڵەکەی مێردیشی ڕازی دەبێ و وەکو خزمەتگوزارێکیش لە ماڵێکدا کار دەکات کەچی تەنها بەهۆی بوختانێکەوە براکانی دەیکوژن.. وا لە خوارەوە بەسەرهاتەکەی دەگێڕینەوەو وردەکاری زیاتری ڕووداوەکە باس دەکەین.**

### ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری هۆی مردنەکە ڕووندەکاتەوە

کاتێك سەیری ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی پزیشکیمان کرد، بۆمان دەرکەوت کە ئەم ژنە تەمەنی (٢٥) ساڵە، قژی ڕەش و باڵایەکی درێژو کێشی (٧٢) کیلۆ و دووگیانیش بووە، گوللەیەکی لە پشتی ملی دراوە و لە گەرووی دەرچووە گوللەیەکیش لە دەفەی شانی لای ڕاستەی دراوە و ئێسکی دەفەی شانی کون کردووەو لە سینگی دەرچووە شێوەی کوشتنەکەی وەهابووە کە لەسەردەم درێژکراوەو هەردوو دەستیشی لە پشتەوەڕا بەستراوە، دوای کوشتنی بە ماوەیەك دۆزراوەتەوە.. کاغەزێکیش خراوەتە بن قۆڵی و تیایدا نووسرابوو لەبەر(بەدڕەوشتی کوژراوە)...

وەك لەمیانی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە کە خەڵکێك لە دەرەوەی شاربوونە لە سەیران و گەشت بوونە، بە ڕێککەوت چاویان بەم تەرمە کەوتووەو ئاگاداری پۆلیسیان کردۆتەوەو ئەوانیش دەستیان بە لێکۆڵینەوەکردووە.

### دەستگیرکردنی تاوانبار

دوای هەفتەیەك لە گەڕان و لێکۆڵینەوە یەکێ لە بکوژەکان دەستگیر دەکرێت، پاش ئەوەی هەموو ئەو بەڵگانەی کە کۆدەکرێنەوە بەراورد دەکرێن و هەڵدەسەنگێنرێن و دواتر لەگەڵ شوێنەوارەکانی لای تاوانبارەکە بەراورد دەکرێن، بە تەواوەتی دەردەکەوێت کە ئەو کەسە یەکێکە لە بکوژەکان، چۆنییەتی کوشتنەکە وا نیشان دەدا، کە زیاد لە کەسێك تاوانی کوشتنەکەی ئەنجامدابێت.

بۆیە لێکۆڵینەوە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە جگە لەو بکوژە، کەسی دیکەش هەیە بەشداری تاوانەکە بوو، پاش هەوڵێکی زۆر دەردەکەوێت کە بکوژی دەستگیرکراو کە ناوی (ف،ق)ە، یەکێکە لە براکانی (نەسرین)ی تاوانلێکراو، کە ڕووبەڕووی بەڵگەکانیش کرایەوە، ئیدی نەیتوانی چیدیکە نکۆڵی بکات و ورەی بەردا، دەستی بە گریان کردو دانی نا بە تاوانەکەی و بەم شێوەیە ڕووداوەکەی گێڕایەوەو گوتی: من پەشیمانم لەو کردەوەیەی کە کردیتم، هەموو هۆیەکەی مێردە خوێڕییەکەی بوو، ئەو ئێمەی هانداو ئەو ئێمەی دەست غەڵەتدا کە بیکوژین.

(نەسرین)ی خوشکمان چەند ساڵێك بوو بە مێردرابوو، کابرای مێردی ماوەیەك کاری دەکردو ماوەیەك بێ ئیش دادەنیشت چەند جارێك لێك تۆران و(نەسرین) زیز بوو و گەڕایەوە لای ئێمە، بەڵام کە مێردەکەی دەهاتە لامان، خۆی وەکو مەڕ نیشان دەداو(نەسرین)یشی دەکردە ئاگرە سوورە، برا گەورەکەم لەسەر قسەی مێردەکەی چەند جارێکیش لە(نەسرین)ی داو بە زۆر دەیبردەوە

ماڵــە مێردی، ئــەوان دوو منداڵــی بچووکیان هەبوو بەڵام لەلایەك مێردەكەی بێ ئیشــوكار بوو، لەلایەكی تریش مادەی سەرخۆشــكەرو بێهۆشــكەری دەخواردو كرێچیش بوون، زۆرجار كرێی خانووشی پێنەدەدراو، كە دەمانگوت ئەو شــتانە چییە دەیخــۆی و خۆتی پێ سەرخۆش دەكەی، دەیگووت خەمم هەیە، ئەگەر ئەوانە نەبێــت خۆم پێ ناگیرێ و دڵــم دەتۆقێ، دەمانگووت خەمی چیت هەیــە بۆچی بۆمانی باس ناكەی بەڵام ئەو قسەی نەدەكرد.

## كاركردن لە ماڵان


(ف،ق) بــەردەوام دەبــێ لەســەر دانپێدانانەكانی و دەڵێ: ئێوارەیــەك مێردەكەی (نەســرین) هاتە ماڵمان و گوتی (نەســرین)بە گوێم نــاكات و دەڵێ من دەچم لە مــاڵان ئیش دەكەم، بۆیە پێتــان دەڵێم تاوەكو نەڵێن بۆ پێــت نەگوتین، ئەو بە گوێم نــاكات و دەڵێ هەر ئیــش دەكەم، مێردەكەی وای لــە ئێمە گەیاند كە ئەم ئیشكردنەی (نەســرین) تەنهــا قسەیەكەو(نەســرین) كردوویەتی، بەڵام وەك دواتر بۆمان دەركەوت(نەسرین) نزیكــەی (٨) مانــگ بوو لە ماڵێــك كاری دەكرد، ماڵەكە ماڵێكی دەوڵەمەند بوونەو (نەســرین) هەفتەی چوار رۆژ دەچوو، جلەكانیانی دەشووشــتن و ماڵەكەی خاوێن دەكردەوەو ئەوانیش مانگانە بڕە پارەیەكی باشیان دەداپێ و هەر جارەش جلوبەرگ و شتی منداڵانەشیان بۆ منداڵەكانیان دەدایێ، كە ســەرە مانگانیش پارەی ئیشــكردنەكەیان دەدایێ، مێردەكەی بە زۆر هەمووی لێدەســتاند، ئەویش دەڵێ من تەنها منداڵەكانی خۆمم پێ بەخێو دەكرێ، تۆش یان بڕۆ وەكو پیاوان ئیشێك بكە یانیش تەڵاقم بدەو لە كۆڵم بەوە بامن منداڵەكانی خۆم بەخێو بكــەم... ئەویش دیارە جگە لە لێدان و تێهەڵدان هیچ زمانێكی تــری نەزانیوە، رۆژێك مێردەكەی پێی دەڵــێ بزانە لەو ماڵــە هەندێك زێڕ یا پــارە بە دزی ناهێنی..

(نەســرین)یش ئــەوە رەتدەكاتەوەو دەڵــێ مادام تۆ كابرایەكی وەهای شــەرت بێت بــە براكانم بڵێم و هەتا ژیانیشم ماوە لەلات دانەنیشم، بەڵام مێردەكەی ساردی دەكاتەوەو پەشیمان بوونەوەی خۆی بۆ دەردەخات، كەچی بە دزی ئــەو دێتە لای ئێمەو دەڵێ نەســرین(زگی ) هەیــە لەو كابرایەی كە لە ماڵیان ئیش دەكات، ئێمەش گوتمان بابزانین راســتە(زگی ) هەیە، رۆژێك چووینە ماڵیان و دیتمان راستە، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی كە قسەی مێردەكەی راستە، من و براكەمم و مێردەكەشی بڕیارماندا(نەسرین) بكوژین، ئەوە بوو بردمانە ئاقارێكی چۆڵ و دوو گوللەمان لێداو كوشتمان دوای كوشتنەكە مێردەكەی رایكردو گوتی ئێوە خوشكی خۆتان كوشتووەو من هیــچ پەیوەندییەكم پێوە نییــەو كەیفی خۆتانە با لەســەر من نەشكێتەوە، دوو منداڵەكەشی بەجێهێشت و ناچار هێنامانە لای خۆمان.

## دەرئەنجام

لە راســتیدا بە ســەرنجدان لەم رووداوە دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە، كە ئەگەرچی براكانی بكوژی راستەقینەن و مێردەكەشــی بەشداری تاوانەكەیە، بەڵام دەتوانین بڵێیــن كــە تاوانبــاری راستەقینە مێردەكەیەتی، سەیرە پیاوێك خاوەن ژن و منداڵ بێت كەچی هەستی بەرپرســیارێتی ئەوەنــدە نــزم و لاواز بێت، ئەركی خــۆی وەك پیاوێــك كە بەخێوكردنی خێزانەكەیەتی، بەجێ نەهێنێ و لەلایەك پیاوەتی بەســەر ژنەكەو براكانیشــی بكات گوایە چۆن دەبــێ ژنی ئەو لە مــاڵان ئیــش بكات(بۆ ئەوەی پاروە نانێك پەیدا بكات) لەلایەكی تریشەوە هانی بدات كە دزی بكات و دواجاریــش بوختانێكی بێ بنەمــای پێ بكات، بەڵام لە هەمووی سەیرتر هەڵوێستی ئەو برایانەیە، برایــەك كــە لێكۆڵینەوە لــە بارودۆخــی پڕ لە تەنگــو چەڵەمەی ژیانی خوشــكەكەیان نەكەن، لە كاتێكدا چاكیــش دەزانن كــە مێردەكەی خــاوەن چ كەســایەتییەكەو هەر قســەیەك بــكات بڕوای پێبكەن و لە هەمووشــی ترسناكتر بیر لە تاوانێكی وا بكەنەوە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەكی ســەلمێنەریان لەبەردەستدا بێت، بێگومان وەك دەڵێن یاسا كەسی نەفام ناپارێزێــت (القانون لایحمي المغفــل) ئەوانە بكوژن و ســزای خۆشیان لە بەرامبەر ئەو كردەوەیەیان وەردەگرن، بەڵام دواجار چارەنووســی ئەو دوو منداڵە نادیار دەبێ كە بێ دایك مانەوە.

●●●
**هەر جارێک نەسرین زیزبوووبوایە براکانی بە لێدان و هەڕەشە دەیانگەڕاندەوە لای مێردەکەی**
●●●



●●●
**مێردی نەسرین پیاوێکی تەمبەڵ و بێ کار بوو، مەسروفی ماڵ و منداڵەکەی پێ دابین نەدەکرا**
●●●



# خۆ هەڵقـــورتاندن لە نهێنی و ژیانی تایبەتی خەڵـــ

# چۆن بەرەنگاری بـــــ

هـــەر مرۆڤێـــك تارادەیـــەك تایبەتمەندی و نهێنـــی تایبەتی خـــۆی هەیە و حەز ناكات كەســـانی تر بیزانـــن، تەنانەت هەر خێزانێكیـــش ژیانـــی تایبەتی خۆیان هەیە و كەســـانی تر بۆیان نییە خۆتێهەڵقورتاندن و پرســـیاری لە بارەوە بكەن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار لەلایەن كەسانی ترەوە رێز لەم تایبەتمەندییە و ئەو ژیانە تایبەتییـــە ناگیرێت و بە هەر رێگە و جۆرێكەوە بێ رێگە بەخۆیان دەدەن بچنە نـــاو نهێنییەكانی ژیانی تایبەتی خەڵكانی دی و هەراســـانیان بكەن ئەم هەراسانە كردنە هەم لەسەر ئاستی تاكە كەس و هەمیش لەسەر ئاستی دروایسێدا روو دەدات، كە ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمان لایەنی دروایسێیەكەیە، كە رۆژانە زۆربەمان لە پەیوەندییەكانماندا هەستی پێدەكەین.

ئەگەر كەسانێك هەبن رێ بە خۆیان بدەن، بە جۆرێك لە جۆرەكان، خۆیان لە ژیانی خەڵكانی دیكە هەڵقورتێنن، لەبەرامبەردا كەسانی تریش هەن، ئەم رەفتارە بە كارێكی نا شایستە دەزانن و پێیان وایە كـــە هیچ كەس مافـــی ئەوەی نییە بەخورتی دەســـت لە ژیانی كەسانی تر وەربدات، مامۆستا (عەباس عەبدولواحید) بۆچوونێكی وای هەیە و دەڵێ: بەڕاستی دەستێوەردان لە ژیانی خەڵكانی دی، شتێكی نابەجێ و نا دروستە، خۆكردنە خاوەنی شتێكە كە هی ئەو نییە، من كە پێم ناخۆشە كەمێك خۆی لە ژیانی من هەڵبقورتێنێ و رێگـــەی نادەم، باشـــە بۆچی بۆ خۆشـــم پێمناخۆش نەبێ كە دەســـت لە ژیانی خەڵكانی دیكە وەردەم و بۆچی رێگە لە خۆشم نەگرم ئەم كارە بكەم، بەڕاســـتی رەفتارێكی ناخۆشـــە و كەسی بەرامبەر كە دەبینێ تۆ بە خورتی، بێ ئەوەی رێگەی پێت دابێت، دەچییە ناو شتە تایبەتییەكانی ئەو، هەست بە نارەحەتییەكی زۆر دەكات... ئەمە كێشـــەیەكە هەموومان رۆژانە دووچاری دێین، خۆی سرووشتی كۆمەڵگەكەشمان وایە، كە حەزی دەستێوەردان و پرسیاركردن لە ژیانی تایبەتی كەسانی دیكەی هەیە، لە راستیدا ئێمە لە ســـەردەمێكین ئەم هەڵســـوكەوتە بە كارێكی نادروست و نەویسترا و دادەنرێت و ئێمەش پێویستە واز لەو جۆرە هەڵسوكەوتە بێنین و رێز لە ژیانی تایبەتی كەسانی تر بگرین.



# ـــــكی سیفەتێكی ناشیرینه...
# ـــــبینەوە؟

دراوسێیەتی بە حوكمی ئەوەی چەند ماڵێك لە پەیوەندییەكی بەردەوامی یەكتردا دەبن و جۆرە نزیكایەتییەك لە نێوانیاندا دروست دەبێ، تاڕادەیەك بە حوكمی ئەو نزیكایەتی و هامۆشۆیەی كە لە بارەی یەكترەوە دەزانن، ئەمە شـــتێكی ئاساییە، بەڵام ئەوەی كە نا ئاساییە كەسانێك زیاد لەو سنوورە كە ئەو جۆرە پەیوەندی و نزیكایەتییـــە دروســـتی دەكات ڕێگە بەخۆیـــان بدەن ورد و دروشتی نهێنی دراوسێیەكانییان بزانن... خاتوو (حەسیبە قادر) لـــە گەڕەكی زانیاری كە فەرمانبەرە لـــە یەكێك لە فەرمانگە حكوومییەكان نموونەی دراوســـێیەكمان بۆ باس دەكات كە ئەم خووی خۆ تێهەڵقورتاندنی لە ژیانی دراوسێكانی هەیە و دەڵێ: كۆڵانەكەی ئێمە لە ریزێك ماڵی لە تەنیشـــت یەك پێكهاتووە، هەرماڵەو هەر خێزانەی خەریكی جۆرە كاســـبییەكن هەموو ئەو ماڵانـــە، لە یەكێكیان نەبێ، كەس دەســـت لـــە ژیانی ئەوانی تـــر وەرنادات، كەچی تاكە خێزانێـــك هەیە، كە بۆ بەختی ئێمە دیوارمان بە دیواری ماڵەكەیانە، وەكو ئەوەی كاری ڕەســـمیان بێت، هەر شتێك لە كۆڵانەكە ولە هەر ماڵێكی كۆڵانەكە روودا ئەوان دەبێ بزانین، ئارەزوویەكی زۆر ســـەیریان هەیە شـــتی خەڵكی بزانن خۆیان لە هەموو شتێك هەڵدەقورتێنن و پرسیاری هەموو شتێك دەكەن شەرم لە كردنی هیچ پرسیارێك ناكەن، بڕۆ لێی بپرســـە، فلانە ماڵ لە دوا سوچی كۆڵانەكە نیوەڕۆ چیان لێنـــاوە، ئەوان دەیزانن، یا دەبینی لە ماڵێكدان ئەندامەكانی ئەو خێزانە، بۆ نموونە ئێوارە ســـووكە دەمەقاڵییەكیان، هەبووە ئەوان زانیوویانە لە نێوان كێی خێزانەكە و لەســـەر چی بووە و كۆتایی بە چ هاتووە، ئەوە خەڵكی كۆڵانەكەی تەواو هەراســـان و بێزار كردووە، تەنانەت چەندین جار تووشی ناكۆكی و كێشمە كێشیش هاتوون لەسەری و زیاد لە دراوسێیەك بۆتە كێشەیان لەگەڵیان، بەڵام وەك دەڵێن (خوو یەك بگری بە شـــیری تەركی ناكەی بە پیـــری) ئیدی ئەوانیش خۆیان بەم ڕەفتـــارەوە گرتووە و وازی لێناهێنن، بەڕاســـتی شتێكی ناخۆشـــە هەموو دەرو دراوسێكان لەسەر خۆهەڵقورتاندن لەكاریان لێت بێزار و ناڕەحەت بن.

زانیمان كە ئەم ڕەفتارە شتێكی قێزەونە لای زۆربەمان، بەڵام ئایا ئەم حاڵەتە لە هەموو كۆمەڵگەیەكدا دەبینرێ..؟

خاتوو(نیـــان عوســـمان)ی توێـــژەری كۆمەڵایەتـــی لـــە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە كۆمەكمان دەكات و دەڵێ:

خۆی هەر یەكێك لە ئێمە تا ئاســـتێكی سروشتی ئارەزووی زانینی شـــتمان هەیە، با ئەو زانینەش لە بارەی ژیانی تایبەتی كەسانی تریشـــەوە بێت، بەڵام ئەگەر ئەم ئارەزووە بووە خوویەك و بووە بەشێك لە سایكۆلۆژیای كەسەكە، ئەوسا نابێتە شتێكی سروشـــتی، بەڵكو وەكو نەخۆشییەكی لێدێت، حەزی شت زانین لـــە هەموو مرۆڤێك و لای هەمـــوو كۆمەڵگەكان هەیە، بەڵام ئـــەو كۆمەڵگەیانەی كە ئازادییەكانی تاك، شـــتە تایبەتی و كەســـییەكانی تاك و بـــە تەواوەتی و بە بـــاش، چ لە بواری یاساییدا چ لە بواری پەروەردەیی و كۆمەڵایەتییدا ڕێز لێگیراو و پارێـــزراو بێت، ئەم ســـیفەتە زۆر كەمتر دەبینرێت، بۆ نموونە پەوەندییـــە كۆمەڵایەتییەكانیان لەســـەر بنەمـــای تاكگەرایی بنیاتنـــراون ، كەس ڕێگـــە بەوی تر نادات خـــۆی لە ژیانی هەڵوقورتێنێ.

هەر وەك خۆشـــی حەقـــی ئەوەی نییە بچێتـــە ناو ژیانی كەســـانی ترەوە، هەر كەس و ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو تایبەتمەندییەش پارێزراوە، تەنانەت كچێك یا كوڕێك كە تەمەنی دەگاتە تەمەنی یاســـایی بێگەیشتن، دەبێتە كەسێكی سەربەخۆ و دایك و باوكیشـــی ئەوەندە باس لە ژیانی تایبەتی ئەو ناكەن، ئەم سیفەتە بە زۆری لە كۆمەڵگە دەستەجەمعیەكاندا دەبینرێت، وەكو كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكان، لە ناویشیاندا كۆمەڵگەی ئێمە، بێگومان شـــتێكی ناخۆش و تـــەواو بێزاركەرە، دەكرێ بەهۆی ڕۆشـــنبیركردنی خەڵك لە ڕێگەی پەروەردەییەكی زانستییانە و دروست، كە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەكانی تاك بنیاتنرابێت و هەر لە قوتابخانەی ســـەرەتاییەوە دەست پێبكات، بەسەر ئەم ڕەفتارە زاڵ بین.

●●●
**مامۆستایەك:**
**سروشتی كۆمەڵگەی كوردی وایە حەز لە دەستێوەردان و پرسیاركردن لە بارەی نهێنی و ژیانی تایبەتی كەسانی دیكە دەكات**
●●●

●●●
**ژنێك:**
**دراوسێیەكمان هەیە حەز دەكات هەموو نهێنی دراوسێكانی بزانێ**
●●●

●●●
**كۆمەڵناسێك:**
**هەموو كەسێك تا ئاستێكی سروشتی ئارەزووی زانینی نهێنی خەڵكی هەیە بەڵام گەر ئەوە بووە خوو و بەشێك لە سایكۆلۆژییەتی كەسەكە ئەوا وەك نەخۆشی لێدێت**
●●●

زۆرن ئەو مرۆڤانەی دڵرەق و بێ ویژدانن و زەرەیەك سۆز ومیهر و بەزەیی لە دڵەكانیاندا نییە، لە چەشنی ئەو جەلادانەی كە لە گرتووخانەكانی سەردەمی رژێمی گۆڕبە گۆڕی بەعسدا چۆن ئازار و ئەشكەنجەی خەڵكیاندەدا و بە هاوار و ناڵە و نركەی ئەو خەڵكە پێدەكەنین و چێژیان وەردەگرت. بەڵام ئەو مرۆڤە دڕندە و دڵ بەردینانە راستە بەرامبەر خەڵكی تر وابوون، بەڵام لەوانەیە بۆ منداڵی خۆیان بە سۆز بووبن، خۆ تەنانەت دەكرێ ئێمە نموونەكەمان جێبەجێ بكەین بەسەر ئاژەڵە دڕندەكانیشدا ئەوەتا زۆر كەرەت دەبینین كە ئەو پڵینگە دڕندانەی كە بەدوای مامزەكان دەكەون و بە ددانە تیژەكانیان شەت و پەت و پارچە پارچەیان دەكەن.... كەچی هەر ئەو پڵینگە دڕندانە.... بەرامبەر بێچووەكانی خۆیان وەك مەرهەم وان و بەنەرمترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەن ئەی كەوابێ مرۆڤ كە بایەخدارترین بوونەوەری سەر زەوییە،.. چۆن دەتوانێ و زاتی ئەوە دەكات كە جگەرگۆشەكەی خۆی ئەشكەنجە بدات، وەك بەسەرهاتی ئەو ژنەی كە چۆن دوای ئەوەی دووجار مێرد دەكات بەڵام چانس و بەختی نایهێنێ و هەردوو پیاوەكە تەڵاقی دەدەن، جا باوكی ئەم ژنە لە سزای ئەوەی كە كچەكەی بەلای پیاوەوە دانانیشێ، لە ناو ماڵداو بە نهێنی زیندانی دەكات....

ئەوەبوو پاش هەشت ساڵان زیندانی و ژیانی تاریكستان. ئینجا ئاشكرا دەبێت كە ئەو پیاوە دڵ رەقە كچەكەی خۆی خستۆتە زیندانەوە.. ئا لێرەوە تەواوی وردەكارییەكانی ئێو رووداوەكە باس دەكەین كە مرۆڤ لە بیستنیدا سەری سوڕدەمێنێ كە چۆن باوكێك ئەوەندە دڵرەق و بێ بەزەییانە كچەكەی خۆی زیندانی كردووە.



# ژنێک هەشت ساڵ زیندانی دەکرێ

ئا: گەرمیانی

## باوکێکی دڵڕەق

رووخۆش ناوی ئەو کچە بەستەزمانەیە کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە حەوت سالآن دایکی بە نەخۆشی سەر ئێشە واتە ژانە سەر کۆچی دوایی کرد ئەوەبوو بە مردنی دایکی، رووخۆش ئیتر بێ چارە و سەر لێشێواو مایەوە، ئەم کچە جگە لە خۆی دوو براشی هەبوون، کە هەردووکیان لە خۆی گەورەتر بوون باوکی رووخۆش تابلێی پیاوێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو هەرگیز رۆژێ لە رۆژان قسەیەکی خۆشی لەگەڵ ئەو تاقە کچەیەدا نەدەکرد و پێی وابوو پیاو ئەگەر پیاوبێت عەیبە و نەنگیە گرنگی بە کچ بدات، بەڵام ئەو پیاوە دڵ رەقە کە ناوی (قادر) بوو بە پێچەوانەی کچەکەیەوە زۆر گرنگی و بایەخێکی زۆری بۆ کوڕەکانی دا دەنا.. و هەرچی داخوازیان هەبوایە جێبەجێ دەکرد بۆیان، بەڵام لە ئاست ئەو کچە بەستەزمانەدا دڵی وەك بەرد وابوو ساڵی جارێك جلوبەرگی تازەی بۆ دەکرد، هێشتاش بۆڵە بۆڵی دەکردە سەر ئەو رووخۆشە داماوە، و دەیگوت بە خودا هەرچییەکت بۆ بکەم، بە خەسار دەچێت، چونکە تۆ کچی و کچیش قەت خێری بۆ دایك و باوك نییە، سبەینێ بۆخۆت شوو دەکەیت و پەنجەیەکی مێردەکەت بەمنو براکانت ناگۆڕیتەوە رووخۆشیش کە گوێی لەم قسانە دەبوو کە باوکی چەند دڵڕەقانە ئیهانەی دەکرد زۆر دەگریا و هەمو جارێك لای (بەسیرە) خانی دراوسێیان گلەیی لە باوکی دەکرد کە چەندە ئەزیەتی دەروونی دەدات، ئا بەم دەردەسەریە رۆژەکانی ساڵ هاتن و رۆیشتن، رووخۆش هێشتا تەمەنی پازدە ساڵی تەواو نەکردبوو.

قادری باوکی بەهۆی ئەوەی کەڵکەڵەی ژن هێنان کەوتبووە مێشکییەوە، بەبێ ئەوەی پرس بە رووخۆشی داماو بکات، هەستا دای بە ژنێك بۆ خۆی، کە ئەو ژنە ناوی (سەکینە)بوو تەمەنی **٣٧** ساڵ دەبوو گەورە کچ بوو، براکەشی کە رووخۆشیان پێدا تەمەنی **٤١** ساڵ دەبوو (سەکینە) سەکینەیەکی باش نەبوو، بۆیە لە ماڵە باوکیدا سەری سپی کردبوو، هەر وەك خەڵك باسیان دەکرد لە کاتی خۆیدا رەدووی کوڕێکی خزمی خۆی کەوتبوو.. بەڵام دواتر دەیانگرن و خاڵۆکانی سەکینە ئەو کوڕە دەکوژن کە سەکینەی هەڵگرتبوو بەڵام قادری ناپاك لەبەر ئەوەی پیاوێکی ژن مردوو بوو گوێی لەوە نەبوو کە رەوشتی سەکینە باشە یان خراپە بەڵکو قادر تەنیا شێتی جوانیەکەی ببوو، لەم لاشەوە رووخۆشی بەستەزمان کە شووی بە فاتیحی برای سەکینە کرد ئەو پیاوەی کە **٢٦** سالآن لە خۆی گەورەتر بوو، ئەو فاتیحەش وەك قادری باوکی مامەڵەی لەگەڵ رووخۆشدا دەکرد، رۆژ نەبوو رووخۆش تێهەڵدان نەخوات بە دەستی فاتیح کە دەشهاتەوە ماڵی باوکی قادری بێ ویژدان، ئەوەندەی تر لێدەدا و بەسەروچاوی مۆوشینەوە دەینارد ەوە لای فاتیح، ئەوەبوو لە ماوەی سێ مانگدا زیاتر لە هەشت جاران ئەو رووخۆشە تۆرا، تا ئەوەی لە کۆتاییدا فاتیح تەڵاقیدا، بەڵام سەکینە راستە بە ژن بە ژنی هاتبوو بەڵام وازی لە قادری نەهێنا چونکە دەیزانی ئەگەر خۆی بە تەڵاقدان بدات لە ژیانیدا جارێکی تر پیاوی وەدەست ناکەوێ.

## مێردکردنی دووەم

دوای ئەوەی رووخۆش تەڵاقی خۆی وەرگرت و هاتەوە ماڵی باوکی و کەوتە بندەستی باوەژنەوە،، ئیتر بە یەکجاری ژیانی شێواو یەکپارچە کەوتە ناو دۆزەخەوە،، چونکە باوکی بە جیا ئیهانەی دەکرد و باوەژن لێیدەدا و شەڕی دەروونی لەگەڵ دەکرد، براکانیشی بە هەمان شێوە ئازاریان دەدا، تا ئەوەی قادری دڵبەردین بۆ جاری دووەم پیاوێکی تری بۆ دۆزیەوە، بەڵام ئەم پیاوەش پێشتر ژنێکی تری تەڵاقدابوو، رووخۆش بۆ جاری دووەم شووی بەو پیاوە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا نەدەحەوایەوە چونکە ئەو پیاوە زۆر رەزیل و قرچۆك بوو بە چەشنێك دینارێك دایکی بوو دینارێکیش باوکی بوو، هەر شتێك لەو ماڵەدا برژایە، بشکایە، ئەو پیاوە تێرو پڕ لە رووخۆشی دەدا و دەینارد ەوە ماڵی باوکی.. قادریش هەموو جارێك کە رووخۆش بتۆرابایە، بە پارە دەیدایەوە پیاوەکەی جارێك و دووان سێیان پیاوەکە لە رووخۆش زۆر بێزاربوو لە جاری ئاخیر کە رووخۆش تۆرا، ئیتر نەچوو بە شوێنیدا چونکە دەیزانی قادری باوکی رووخۆش داوای پارەی لێ دەکات بۆیە ئەمجارەیان کەقادر زانی فاتیح جارێکی تر بە شوێن رووخۆشدا نایەتەوە و بە پارە سمێڵی چەور ناکاتەوە، بۆیە بڕیاریدا هەر خۆی بە زەبری لێدان و ئیهانەکردن رووخۆش بنێرێتەوە لای فاتیح بەڵام رووخۆشی داماو کە نایەوێ جارێکی تر سەروسیمای ئەو پیاوە رەزیلە ببینێتەوە، بۆیە بە ناچاری لە زوڵمی باوك و باوەژن رادەکات و خۆی لە ماڵی خزمێکیدا دەشارێتەوە، تاکو جارێکی تر باوکی رەوانەی لای فاتیحی نەکاتەوە بەڵام باوك وبراکانی دوای ئەوەی هەفتەیەك بە دوایدا دەگەڕێن لەو ماڵە دەیدۆزنەوە، ئەوان پێیان وایە کە رووخۆش رەدووکەوتووە کە لەو ماڵەشدا دەیدۆزنەوە هەر بڕوا بەوە ناکەن کە ئەو ئافرەتە لە ترسی گەڕانەوە بۆ لای پیاوەکەی خۆی حەشارداوە.

## زیندانیکردنی

دوای ئەوەی قادری زاڵم رووخۆشی کچی دەبینێتەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا بڕوات و ماڵ جێبهێڵێ، بە زنجیرێك دەیبەستێتەوە بە پەنجەرەی هۆدەکەوە، تا هەفتەیەك بە هەموویان ئەشکەنجە و ئازاری دەدەن کە لەو هەفتەیەدا لە کوێ بووە و بۆچی ماڵی بە جێهێشتووە.

ئەویش واتە رووخۆش هەزار سوێندیان بۆ دەخوات کە ئەو هیچ نیازێکی خراپی نەبووە، لەو رۆیشتنە، تەنیا ئەوە نەبێت کە نایەوێ جارێکی تر بچێتەوە لای مێردەکەی، قادر و هەردوو کوڕەکەی لە سەرەتاوە بڕیار دەدەن کە رووخۆش بکوژن، بەڵام دواتر بۆیان روون دەبێتەوە، ئەو ئافرەتە هیچ نیازێکی خراپی نەبووە لە رۆیشتنەکەی بۆیە، بڕیاردەدەن بۆ هەتا هەتایە، بە نهێنی لە نێوماڵدا زیندانی بکەن و شەڕی دەروونی لەگەڵدا بکەن تاکو جەڵتە لێیبدات و بمرێ ئا بەم شێوەیە دوای هەشت ساڵ زیندانی و ئەشکەنجە و ئازار ئینجا بۆ خەڵکی گەڕەك دەرکەوت کە رووخۆش زیندانی کراوە، چونکە پێشتر باوك و باوە ژن و براکانی رووخۆش

●●●

**روو خۆش چونکە بە ئارەزووی خۆی مێردی نەکردبوو دووجار تەڵاقدرا**

●●●

وایان لــە خەڵکی کۆڵان و خزم و کەسەکان تێیگەیاندووە کــە رووخــۆش مێردی بە پیاوێك کــردووە و چووە بۆ ئێران.

بەڵام دوای هەشت ساڵان زیندانی، رۆژێکیان (حاجی محەمەد) کە دراوسێی ئەو ماڵەیە دەچێتە میوانیان کە هەر دەچێتە ژوورەوە دەنگی ناڵــە و هــاوار و گریانی ئافرەتێك دەبیســتێ، حاجی محەمەد دەڵێت:

ئەرێ ئەو دەنگە چییە کێیە وا دەگریێت و دەنووزێتەوە؟ قادری زاڵمیش دەڵێت هیچ نییە حاجــی بفەرموو وەرە دانیشە، حاجی محەمەد کە دەگەڕێتەوە ماڵ ئەو شەوە هەتا بەیانی خەو لە چاوانی ناکەوێ بــۆ بەیانییەکەی بە دزییەوە خەبەری پۆلیس دەدات و دەڵێت:

مــن گومانم لــەو ماڵە هەیە بچن بپیشکنن، بزانن لەوێدا چی هەیە، کە مەفەرزەی پۆلیــس دەچنــە ژوورەوە و هەموو شــوێنەکانی خانووەکە دەگەڕێن، ئــەو ژوورە بچوکە دەبیننەوە کە رووخۆش تیایدا بەند کرابوو دەرگاکەی دەشــکێنن، دەبینن وا ژنێکی لە روو و لاواز و رەنــگ زەرد و بێ تاقەت خۆی گڕ مۆڵەداوە لە ســەرمان، یەکسەرە بە دوو کەس بن باڵی دەگرن و دەیهێننە دەرەوە.

**WCیان زیندان**

دڵرەقی قادر و کوڕەکانی گەیشــتبووە ئاســتێك کە دڵیان نەهاتبوو ئەو کچە بەســتەزمانە کــە تەنانەت وەك مرۆڤ لە ژوورێکی ئاســاییدا بەند بکەن... چونکە ئەو شــوێنەی کە رووخۆشــیان تیــا زیندانی کردبوو تەنانــەت حەمامیش نەبــوو چونکە هیــچ وەســائیلێکی حەمامی تیــادا نەبوو بەڵکو لە ئاو دەســت و ســەر ســۆرك دەچوو کە ژوورێکی ١م ١,٥+ م یــەك دەلاقەیەکی بچوکی تیایدا بوو هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکــی وەك ئاووکارە بــاو رووناکی تیادا نەبوو، مرۆڤ نەیدەتوانی یــەك خولەك لەو ژوورەدا خۆی راگرێت، و کاس دەبوولــە بۆنی میزوپیســایی، چونکە هەر ئەو ژوورە شــوێنی خواردن و خەوتــن و توالێتی رووخــۆش بوو، ئەو ژوورە پیســە لە دیوی دەرەوە قوفڵێکی گەورەی پێوە بوو کە دادەخرا، ناو ژوورەکە بە گەچێکی رزیوە داپۆشرابوو لە هەندێ شوێنیشــدا درزی نێوان بلۆکەکان بە دەرەوە بوو، کە لە هاویندا دۆزەخ بــوو لە زستانیشــدا تەنیا یەك بەتانیەکی تەنکی لابووە لە هەر چوار وەرزەکەی ساڵ، نە سۆپای هەبوو، لە زســتان و نەفینکی هەبووە لە هاوینــدا، بەڵکو لە کونی بلۆکەکانــەوە ســیســرکە و مێروولە هاتووچۆیان دەکرد، رووخۆش دەڵێت:

تەنیا لــە وەرزی هاویندا جار جارە تەلەفزیۆنم دەبینی ئەویــش لــە رێگــەی ئەو دەلاقەیەی لە ژوورەکەدا هەبوو ســەیری هەواڵەکان و فیلم دەکرد، بەڵام کەپایز دادەهات تەلەفزیۆنەکەیــان دەبــردە ژوورەوە، ئیتــر شــەو و رۆژ لە ناو تاریکــی ئەو ژوورەدا ژیانم دەبردە ســەر، رۆژانەش یەك ژەم نانیان پێداوم، هەموو شــەوێك لــە برســان خەوم لێنەدەکەوت ئەوان ویســتیان بمکوژن، لە هاویندا زۆر جار لەبەر تینوویەتی دەبوورامەوە، و پاش چەند کاتژمێرێك ئینجا وەخەبەر دەهاتمەوە.

رووخــۆش خۆی کچێکی باڵا بەرزە بــەڵام کە لە زیندان هاتۆتە دەرەوە پشتی کورِبۆتەوە چونکە بە درێژایی ئەو هەشت ســاڵە نەیتوانیووە بە درێژای باڵای خۆی لە نێو ئەو ژوورەدا بنوێت چونکە درێــژی باڵای لە درێژی ژوورەکە زیاتر بووە، هەر وەك خــۆی گوتویەتی لە وەرزی زســتاندا ئاوی باران هاتۆتە ژوورەوە، و هەتا بەیانی لە نێو تەرشووع وئاوی باراندا شــکی گرتووە و خەوی لێ نەکەوتووە، هەر بۆیە نیشانەی چەندین نەخۆشی پێوە دیارە.

رووخۆش دوای ئەوەی لــەو زیندانە دەردەهێنرێ لە رووی پزیشــکی و دەروونیەوە چارەسەری بۆ دەکرێت، دەبرێتە ماڵی خزمێکی.. بەڵام قادری باوکی و هەردوو براکەی رازی نابن و دەڵێن دەبێت بگەڕێتەوە لای خۆمان چونکە ئەو شێتە نابێت بەرەڵا بکرێت.

دوایی ئابڕومان دەچێت و لەلایەن پیاوە خراپانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر.

بۆیە کە رووخۆش هەســت بەوە دەکات کە باوك و براکانی دیسانەوە دەیبەنەوە بۆ زیندانی هەتا هەتایی لە نیوە شەوێکی تاریکــدا ماڵی ئەو خزمەی خۆی بەجــێ دەهێڵێ و بەرەو شوێنێکی نادیار ســەری خۆی هەڵدەگرێت، تاکو ئێستاکەش کــەس نازانی ئەو ژنە بۆ کوێ رۆیشــتووە و چی بەســەر هاتووە.



**باوك و براکانی دوای ئەوەی لە توالێتێکی لابەلاو وتاریکی ماڵەوە رووخۆش زیندان دەکەن، لەلای جیران و خزمەکانیان دەڵێن مێردی بە پیاوێك کردۆتەوە و چووە بۆ ئێران**